ڕاستیەکانی هەڵبژاردن … ئاسۆکمال

هیچ کام لە دۆرکانی هەڵبژاردنی عێراق بە هێندەی ئەم دۆرەیە بە خەڵکی کوردستان نەبووتە جێگای سەرنجدان و سەرلێشێوان. ئەم ڕاستیە بەرئەنجامی دوو هۆکارە؛ یەکەمیان شکستی بەرنامەی سەربەخۆبونی ئابوری و سیاسی لە حکومەتی عێراقی و شکستی فیدرالیە یەکلایەنەکەی پارتی و یەکێتیە و هەمو حزبەکانی نێو پەرلەمان و دەسەاتە بەوەی ئامادەی پێکردنەوەی قەوارەیەکی تری تەسلیم بونن بە مەرجەکانی ژێردەستەیی بە حکومەتی عێراقی، وە دوەمیان ڕاکردنی زۆربەی حزبەکانی کوردستانە بە پێیداکردنی کورسی لە بەغداد و کۆتنەدوای هاوپەیمانێتیە شیعەکانە تاکو هاوسەنگی هەزی لە ناوخۆی کوردستاندا پێ بگەن.

لە دوای ڕوخانی بەعسەوە پارتی و یەکێتی هاویان دەدا بە سەربەخۆبونی ئابوری و سیاسی لە بەغداد تاکو دەسەاتی هەرێمی کوردستان بە شێوەی دەوڵەتی ئەمری واقیع لەناو دەوڵەتی عێراقدا بسەپێنن. ئەم حزبانە رفراندەمی ٢٥ سێپتەمبەریشیان وەک وەسیلە نەک بە سەربەخۆیی بەڵکو بە سەپاندنی دەوڵەتی دیفاکتۆی خۆیان دەویست. بەڵام لە بەرگری لە ئەنجامی رفراندەمدا شکستیان هێنا و تەسلیم بون بە مەرجەکانی دەوڵەتی عێراق بە مانەوە وەک دەسەاتێکی لەکاری ئەمری واقیعی ژێردەستی عێراق. هەربۆیە بە پێچەوانەی هەڵبژاردنەکانی تری عێراقەوە پارتی و یەکێتی بەرنامەیان لەم هەڵبژاردنەدا وەک دۆرانی پێشوو پێداگری لەسەر پاکێجی بەشە فیدرالی و چنیەتی دابەشکردنی پێستەکانی بەغداد نیە لە چوارچێوەی ێکۆتنی ستراتیژی و سیستەمی باڵادەستی بارزانی وەک سەرکی هەرەمدا چونکە ئەمیان نەماوە، بەڵکو هەموو حزبەکانی دەسەات بە ئیسلامیەکان و ئۆپۆزسیۆنە نوێیەکانیشەوە، بەرنامەیان ئەوەیە کە چۆن لە ژێرسایەی حکومەتی شیعەگەرای عێراقدا چەند پێستەکی وەزاری و چەند کورسیەکی پەرلەمانیان هەبێ تاکو هەرکامیان بەشی خۆی لەو دەسەاتە مەرکەزیەی عێراق وەربگرێ و لەم ڕێگایەوە جێگاپی خۆیان لە دەسەاتی کوردستاندا بکەنەوە.

چینی بورژوازی دەسەاتدار لە کوردستاندا، کە حزبە ناسیونالیست و ئیسلامیەکان و پۆپۆلیستەکان نوێنەرایەتیان دەکەن، بەهۆی نەمانی ڤیرۆنێک و بەرنامەیەک بە سەربەخۆکردنی دەسەاتە هەرەمیەکیان

توشی دابەشبون و پارچەپارچەبونەکی بەرفراوان بوون. ئەستا ئەم لیستانە وەک پاپەکی شاق و شۆ لەناو گەڕاوی دەسەڵاتی شیعەگەرا و عروبەدا هەر کامیان بەجیا هەوڵی دەستگرتنەتی بە دامەنی ئەو هاوپەیمانەتی شیعەوەن کە دەوڵەتی عیراقی بەدەستەوەیە. هەرچەند زۆر ئاشکرایە کە ئەم هاوپەیمانەتیەکی دوژمنکارانەیە، کە بەرامبەر بە مافی سەربەخۆیی و هەر مافێکی خەڵکی کوردستان ئامادەی ناردنی حەشدی شەعبی و هێزی سەربازین و درێژدەری هەمان سیاسەتی بەعس و شۆڤینیزمی عەرەبین سەبارەت بە کێشەی کەرکوک و ناوچە کۆنەسەرەکان. بەڵام ئێستا بەرژەوەندی ئەم حزبانە لە چونە ژێربەڵی ئەم هاوپەیمانیەتیە شیعەدایە و چ باڵی بنەماڵەی تاڵەبانی و چ گەڵان و هاوپەیمانی دیموکراسی و "نەوەی نوێ" ئەم داوایە عیراقچێتیە بە ئاستکردنەوەی هێڵەی "رفراندەمچیەکان" دەزانن.

لیستێک لەو بانگەواز و هەوڵانە هەیە کە نیشانەی ئەم هێوتە نوێیە عیراقچێتیەی ئەم حزبە ناسیونالیست و ئیسلامی و ریفەرمخوازانەیە. لەوانەش بانگەوازی یوسف محمدی گەلان بۆ جێبەجێکردنی بڕیاری دادگایی کەرادەی بەغداد بۆ "دادگایی کردنی خەڵکی ریفراندەمچی کوردستان، دەرکەوتنی کەس و لایەنی تر لەم هەڵبژاردنەدا کە دژیەو لە هێگای کاندیدبون وەاستەوخۆ خزمەتکردن بە دەسەڵاتدارانی شیعەو دژی بەهێن، وەک سروە عبدالواحد کە ڕایگەیاند بۆ ئاگاداری گەلان دژیەو خۆی لە لیستی عەبادی کاندید بکا، یان ئاڵا تاڵەبانی لەسەر لیستی هاوپەیمانی بەغدا دەڵێت "بۆ ڕاوێژ لەگەڵ ماڵی مام جەلال" خۆی لەسەر ئەو لیستە کاندید کردووە،وە یاخود سەید عیسا بەرزنجی هەوتی حیکمەی نیشتیمانی بە ڕابەرایەتی عەمار حەکیم ،کە وەک بنەماڵەی شێخ مەحمودی حەفید خۆی دەناسێنێ و چەندین ئەندامی تری ئەم حزبانە چونەتە لیستی هاوپەیمانە شیعەکانەوە.

ئەمە هەمان ئەزمەی دەورانی پێش ڕوخانی بەعسدان کە یەکێتی و پارتی ئایندەی دەسەڵاتکەیان دیارنەبوو. لەوکاتەدا هەمان ئەم عیراقچێتیەمان لە پارتیدا دەبینی و لە ئێستادا یەکێتی و بنەماڵەی تاڵەبانی و گەلان پێیەو لەم عیراقچێتیە دەکەن. هەردوولاشیان بەناوی سیاسەتی ئەمری واقیعی ملدان بە ژێردەستەیی حکومەتی عیراق پاساوی ئەم کارەیان داوە و باکیان نەبوە لە ٣١ ئاب و ١٦ ئۆکتۆبەر.

مەژووی نەبونی دەوڵەت لە کوردستاندا و شێوەی دەوڵەتانی ناوچەکە هەمیشە چینی دەسەڵاتدار وحزبە ناسیونالیست و ئیسلامیەکانی

کوردستانی کردۆتە جڕەک لەو حزبانەی کە جڵەوجۆ کردنی بەرژەوەندی و سیاسەتی دەوڵەتەکانی عێراق وئێران و تورکیایان کردۆتە بەشێک لە تاکتیک و سیاسەتی خۆیان. شکڵی ناوخۆ و پشت بەستن بەم دەوڵەتانە بە گۆڕینی هاوسەنگی هێزی ناوخۆ بووتە مۆژوو و واقیعیەتی ئەم حزبانە.

ئەم ڕاستیانە هەموویان لەم هەڵبژاردنەی عێراقدا بە ئەکتەرە نوێیەکانەوە لەسەر هەمان ڕەوتباز و سونەتی پێشوو خۆیان نمایش دەکەنەوە. کورسیەکانی پەرلەمانی ئەم حزبە کوردستانیانە ئاگەر لای حکومەتی شیعەی عێراق هیچ بڕەها و سەنگێکیشی نەبە بڕەام خەشخزمەتی ئەم حزبانە لای عەبادی و مالکی سودێکی زۆری هەیە تاکو سیاسەتی کەنترۆڵکردنەوەی سیاسی و سەربازی و ئابووری کوردستان بڕەنە پێشەوە. ئەم ڕاستیە دەرگا بە هەموو ئاگادارکانی گەلانەوەی قاپبی دوئیدارێیی و دروستبونی دەسەڵاتی لامەرکەزی هەرەمی سلەمانی و هەرەمی زۆرد لە دوای هەڵبژاردنەکانی عێراقەوە دەکاتەوە و دەبەتە دووانی پێشبڕکێ لەسەر پەیداکردنی پشتیوانی زلهێزی عێراقی و ناوچەیی بە گۆڕینی هاوسەنگی هێز لە ناوخۆی کوردستاندا. بێشوازێک ئەم پاڕوانانەی هەڵبژاردنی عێراق دووری هەمان پڕۆوانەکانی ٦٦ و ٣١ ئاب دەگڕەن بڕەام لە قیافەی کاندیدی پلە نزمترەوە"خەفیف"دا. بەگومان ئەمەش ڕەگا بە هەڵوەشانەوە و ناجەگیری و شەواوی زیاتری سیاسی و ئابووری و کەمەڵایەتی کوردستان دەنێ.

بەگومان وڕەام بەم وێزەی شکستێ سیاسیەی خواستی سەربەخۆیی و ناچاری مانەوە لەعێراقدا و بە شداریکردن لە پەرلەمانی عێراقدا بایکۆت نیە. بایکۆت لە کاتێکدا دەبەتە بزوتنەوەی ئاکیتڤی جەماوەری کە ڕەگای گۆڕینی وێزەی کوردستان لەڕەگای دەرەوەی پەرلەمان و هەڵبژاردنەوە لە ئارادا بێ و بیاری رفراندەم بە سەربەخۆیی بکاتە بزوتنەوەیێکی جەماوەری دژ سیاسەت و هەڵوێشتکانی دەوڵەتی عێراق. بڕەام لە کاتێکدا ئەم سەربەخۆییە بزوتنەوەیێکی جەماوەری و سیاسی ئامادە نیە ، ئەوا خەڵکی کوردستان دەبە لە هەموو ڕەگا سیاسی و جەماوەریکانەوە دیفاع لەم خواستەی خۆی بکا و دژ بە سیاسەتی شۆڤینیستی و سەرکوتگەرانەی دەوڵەتی عیراق بوەستێتەوە و پەرلەمانی عێراقیش وەک یەکێک لەو مینبەرانە بەکاربێنێ. ئاگەر لە واقیعیشدا پەرلەمان و دامەزراوە ڕەسمیەکانی عێراق و کوردستان بەهاو سەنگێکی نیە لە سایەی سیستەمی مەزهەبی و میلیشیایدا. بڕەام ئەمانە بێشک لەو مەیدانانەن کە ململانێ سیاسیەکانی کەمەڵگەی تێدا دەڕواتە پێشەوە.

بەداخەوە لەم هەڵبژاردنەدا نوێنەرایەتی سیاسی خواستەکانی خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێش و ئازادیخوازی کوردستان دەنگی دیارنیە و پاڵەوانانی چینی سەرمایەداری کوردستان بە ڕەنگ و دەنگی جیاجیاوە باڵادەستن کە دژی بەرژەوەندیەکانی خەڵکی کوردستانن و لە پێناو پێست و دەسکەوتات و بودجە و بەرژەوەندیەئابوریەکانی خۆیاندا دەچنە پەرلەمانی عێراق.هەربۆیە خەڵکی کوردستان بەشێوەیەکی پاسیف هەڵوێست دەگرن و لەژێر کاریگەری پڕوپاگەندەی هەڵبژاردندا لەنیوان ئەم پاڵەوانە ئاشبەتاڵچیانەدا دەنگ دەدەن.
ڕاستیەکانی ئەم هەڵبژاردنە ئەوەمان پێ دەڵێ کە ئەم ئەزمونەی چینی دەسەڵاتدار لە کوردستان هەموو نیشانەکانی نەخۆشی پەکەوتنی ئایدیۆلۆژی ناسیونالیستی و داڕمانی هەژمونی سیاسی دەسەڵاتی میلیشیایی لە دەرکەوتوە ،و پێویستە بەدیلێکی نوێی چینی کرێکار و زەحمەتکێش و ئازادیخوازی کوردستانە کە ڤیژن و مۆدێل و ستراتیژێکی تری هەبێ بۆ گۆڕینی سیستەمی سیاسی و ئابووری سەرمایەدارانی کوردستان و بەدیهێنانی دنیا و ژیانێکی باشتر.

ئاسۆکمال
١ئایاری ٢٠١٨